


# لە سەردەمی زانست و تەکنۆلۆجیادا، مەتەڵ بە فۆرمێکی نوێ

## (کتێبی "مەتەڵ" بەنموونە)

ئەرسەلان حەسەن
(سلێمانی)

لـە کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا، بەپێـی دەڤـەر و ناوچـەی جوگرافـی و زار و بنـزارەکان، مەتـەڵ فرەنـاوە، لـە هـەر شـوێنێک، ناوێکـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە، کـە زۆربەیـان لێـک دەچـن، یـان شـتێکی ئەوتـۆی لەیەکتـر جیاوازیـان نییـە. لـە ڕۆژگاری کۆنـدا، لـە کۆمەڵگـەی کوردەواری کە زانسـت و تەکنۆلۆجیا وەک ئێسـتا پێشـکەوتوو نەبووە، یـان نەگەیشـتووەتە شـوێنە دوورەدەسـتەکانەوە، ڕۆڵ و کاریگـەری لەکۆمەڵـدا هەبـووە و کایەیەکـی بەجۆشـوخرۆش و پـڕ خۆشـی بـووە، کـە گەرموگوڕی بەکـۆڕ و کۆبوونـەوەی شـەوانەی مـاڵان، دیوەخانەکان، بۆنـە جیـا جیـاکان داوە، لەجیاتـی ئامێرەکانـی تەکنۆلۆژیـای ئێسـتا، هـۆکاری کات بەسـەربردن بـووە، شـەویان بەخۆشـی و شـادییەوە پـێ بەسـەر بـردووە.

مەتـەڵ، ئەوکایـە بـاوەی نـاو کۆمـەڵ بـووە کـە لەنێـوان دوو کـەس، یـان چەنـد کەسـێکدا کـراوە، زیاتـر شـێوەی پرسـینەکەی، هاوشـێوەی پرسـیار بـووە، مرۆڤـی بـەرەو ڕامـان و بیرکردنـەوە بـردووە، دەتوانیـن بڵێیـن مێشـکی جووڵانـدووە، هـاوکات هەڵسـەنگاندنێکیش بـووە بـۆ دەرخسـتنی ئاسـتی هۆشـیاری و بیرتیـژی مـرۆڤ، لەگـەڵ تەکانـدان و گـوڕ هێنانـەوە بەبـەر بیـر و زیهنـی مرۆڤـەکان، پارێـزەری وشـە و زاراوە کوردییـەکان بـووە، بـە ڕێنماییکردنـی ئاگایـی کولتـووری نەتەوەیـی.

زۆرجـار مەتەڵـەکان بـۆ کەسـی بەرانبـەر، یـان بەردەنـگ قـورس و گـران بـوون، بۆیـە وای لـێ کـردوون پەنجـەی خۆیـان بگـەزن، چونکـە بوونەتـە گرێکوێرەیـەک، کـە هـەر وا بەئاسـانی بۆیـان نەکرێتـەوە، یـان نەیزانـن و کـورد وتەنـی بۆیـان هەڵنەیـەت، لەبـەر ئـەوە پەنایـان بردووەتەبـەر کەسـانی وریاتـر و شـارەزاتر لـە خۆیـان، کـە لەوانەیـە مەتەڵەکـە بەمانیـش هەڵنەهاتبـێ. مەتـەڵ هۆکارێکیـش بـووە بـۆ هەڵگۆزینـی ئاسـتی بیرتیـژی مـرۆڤ و بەئاگایـی و پاراسـتنی زمـان بـە هەمـوو شـێوەزارەکانییەوە.

شـێواز، یـان جۆرێکـی تـری مەتـەڵ، کـە مـن لام وایـە ئەویـش هـەر دەچێتـە

ڕیزبەندی جۆرەکانی مەتەڵەوە، کە زۆر جار منیش لە تەمەنێکدا ئەو یارییەم لەگەڵ هاوڕێکانم کردووە، وەسفکردنی شتەکان بە هێنانی پشتێن، یان پارچە قوماشێک بووە و بەکردەوە شتەکە وێنا کراوە، واتا پشتێن، یان قوماشەکە بە شێوەی پێکهاتەی ئەندامەکانی جەستەی باڵندەکە خڕکراوەتەوە و وتراوە، باڵ و لاق و دندووکەکەی بەم شێوەیە و لەش و پووشەکەی (بەپێی قەبارەی قوماشە تۆپەڵ کراوەکە) ئەوەندەیە.

ئەگەر بمانەوێت بزانین مەتەڵ چییە؟ مەتەڵ وەک قۆزاخەی پەمۆ باسی ئەو شتەمان بۆدەکات، کە لە ناخیدا قوماتی کردووە، بۆیە هانت دەدات بۆ بیرکردنەوە لێی، تا لەزیهنتدا بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێی، کە زۆرجار لەژیانی ڕۆژانەتدا بەریەک کەوتوون، کەچی لەوکاتەدا خەیاڵت بەلایدا ناچێت و هەر بیریشی لێ ناکەیتەوە، دووریش نییە واق وڕماوت بکات. هەندێک لە مەتەڵەکان هاوشێوەی شیعر کێش و سەروادارن و هەندێکیشیان بەڕادەیەکی زۆرکەم وەک جنێو وەهان و زۆر جار ئەو کەسانەی تووڕە کردووە کە مەتەڵەکەیان لێ داهێناون و بە شێوەیەکی باش لە مەتەڵەکە شارەزا نەبوون و بەجنێوی تێگەیشتوون. بۆ نموونە: (ئەوە چییە خڕە وەک گونی بابت، دەقڵیشێتەوە وەک هینی دایکت- قۆزاخەی پەمۆ).

عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی لە ١٩٦١/١١/١، لە شارۆچکەی بەرزنجە هاتووەتە دنیاوە. لە سەرەتای هەشتاکانەوە هۆنراوە و چیرۆک و ئۆپەرێت بۆ منداڵان دەنووسێت و تا ئێستا بەردەوامە، بەم بەرهەمەوە (٢٨) کتێبی چاپکراوی بۆ منداڵان هەیە، هۆنراوە و چیرۆک و ئۆپەرێتی بۆیان نووسیوە. یەکەم هۆنراوەی بۆ منداڵان لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوبووەتەوە، لەزۆربەی گۆڤارەکانی تایبەت بەمنداڵان بابەتی بڵاو کردووەتەوە، ئەندامی یەکێتیی نوسەرانی کورد - لقی سلێمانی و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (واران)ی منداڵانە، هەروەها بەشێکی زۆر لە هۆنراوەکانی ئاوازیان بۆ دانراوە و کراون بەگۆرانی.

دوو هۆنراوەشی لە کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن: (پەروەردەی هونەر)، پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، (کوردی)ی پۆلی دووەمی بنەڕەتی دانراون.

کتێبی «مەتەڵ»، کە دوا بەرهەمی چاپکراوی نووسەرە، هونەری چاپکردن و دیزاینی هۆنراوەکان، کوالێتی و ستانداردی کتێبی نموونەیی منداڵانە، بەڵام کەم وێنەی تێدایە، کە وێنەش لەلای منداڵان گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، بەڵام یەکێکە لە جوانترینی ئەو کتێبانەی کە لە ساڵی (٢٠٢٥) بۆ منداڵان چاپ کراوە، کتێبێکی «٥٨» لاپەڕەیی، بە بەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی پەلکەزێڕینەئاسا و کاغەزی ئارتی دیزاین جوان و لەژێر ناوی «مەتەڵ»ی سەر بەرگەکەی نووسراوە: (پێویستە هەموو منداڵێک پێش چوونە قوتابخانە، بەکوردی و ئینگلیزی بیزانێت؟!!) و بۆ زاخاوی مێشکە، لە بڵاوکراوەکانی «خانەی ڕێنمایی خێزان»ـەو بەتیراژی «٢٥٠٠» دانەی لێ چاپ کراوە.

ئەم کتێبە بەزمانێکی سادە و پاراو و ڕەوانی دنیای منداڵان نووسراوە، دابەش کراوە بۆ: (خێزان، جەستە، هاتوچۆ، گیانداران، وەرزەکان، پاکوخاوێنی، من و هاوڕێکانم، نیشتمان، ئاو و خۆراک، میوەکان، باخچەکەم، سروشت، پیشەکان، ڕەنگەکان) و هەر پاژێک بەپێی پێکهێنەرەکانی کراوەتە چەند بەشێک. ئەم دابەشکردنە بەشێوەی مەتەڵ بە فۆرمێکی نوێ و سەردەمیانەیە و دەتوانین بڵێین لە هەموو ئەو شتانە پێکهاتووە کە منداڵ پێش چوونە قوتابخانەی، واتا دوای تەواوکردنی باخچەی منداڵان و چوونی بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، دەکرێت بیزانێت. لێرەدا گەشتێک بەناو کتێبەکەدا دەکەین و لە هەر بەشێک، نموونەیەک دەهێنینەوە:

**بەشی یەکەم: خێزان**

نووسەر لەم بەشەدا باسی پێکهاتەی ئەندامانی خێزان دەکات و بۆ هەر ئەندامێک شیعرێکی دوو دێڕیی نووسیوە و بەشێوەی مەتەڵ پرسیار دەکات. لێرەدا نموونەکەمان «باوک»ـە و مەتەڵە باوەکە

بـەم شـێوەیە: (زاوای خاڵــت بێتــە ماڵــت، چـی دەدەیـەی؟!)، بـەڵام نووسـەر بەشـێوەیەکی جـوان و سـەردەمیانە و بـە زمانێکـی ئاسـان و پـاراو کـە منداڵ بەئاسـانی تێـی بـگات، دەڵێـت:

**مرۆڤێکی خۆشەویست**

**ماندووی کارە وەک پێویست**

**لەگەڵ دایە هاوکارن**

**ئامادەن هەر چیمان ویست**

**بەشی دووەم: جەستە**

نووسـەر بـە هەمـان شـێوازی سـەرەوە باسـی ئەندام و پێکهاتەکانـی جەسـتەی مـرۆڤ دەکات. مەتەڵـە باوەکـە بـۆ «دەسـت» دەڵێـت: (سـەربانێکە و بـن بانێکـە، چـوار مـەڕ و شـوانێکە)، بـەڵام شـاعیر لـەم بەشـەدا و لـە شـیعرێکی سـێ دێڕیـدا دەڵێـت:

**ئەوە چییە دەیزانن**

**ئێوەش خاوەنی دووانن**

**کاتێک خواردنێک بخۆی**

**یەکسەری ئەو دەبەی بۆی**

**پێنج پەنجەشی پێوەیە**

**هاوکارێکی ئێوەیە**

**بەشی سێیەم: هاتوچۆ**

نووسـەر لـەم بەشـەدا باسـی پۆلیسـی هاتوچـۆ، ڕەنگەکانـی ترافیـک، هۆکارەکانـی گواسـتنەوە، ئۆتۆمبێلـی ئاگرکوژێنـەوە و فریاکەوتـن دەکات. بێگومـان پۆلیسـی هاتوچۆ شـەقامەکان ڕێک دەخات، کـە کارئاسـانییە بۆ ڕۆیشـتنی مـرۆڤ و ئۆتۆمبێل دوور مەترسـی، هەروەهـا شـاعیر بـە شـێوەیەکی جـوان و سـادە، بـەڵام پـڕ نـاوەڕۆک «پۆلیسـی هاتوچۆ»مـان پـێ دەناسـێنێت و دەڵێـت:

**ئەوکەسەی کە هەموو کات**

**شەقامەکان ڕێک دەخات**

**تا ئۆتۆمبێل و مرۆڤ**

**بەبێ مەترسی دەڕوات**

**بەشی چوارەم: گیانداران**

ئـەم بەشـە بۆ باڵنـدە، پەلـەوەر و گیانداران تەرخان کـراوە و لـە هـەر یەکەیـان نموونەیـەک، یـان چەنـد نموونەیەکـی هێناوەتـەوە. بەڵگەنەویسـتە زۆربـەی ئـەو هەڵبەسـتڤانانەی شـیعر بـۆ منـداڵان دەنووسـن، شـیعریان بـۆ باڵنـدە و پەلـەوەر و گیانداران نووسـیوە و هەوڵیـان داوە لـەلای منـداڵ خۆشەویسـت بـن و منداڵانیـش خۆشـیان بوێـن. بـۆ نموونـە لـە هۆنـراوەی «باڵنـدە»دا، باسـی «چۆلەکـە» دەکات و دەڵێـت:

**باڵندەیەکە بچووک**

**نەشمیلە و خاوەن دەنووک**

**ئەوکاتەی دەجریوێنێ**

**خۆشی بۆ دڵمان دێنێ**

بـۆ گیاندارانیـش «مەیمـوون» بەنموونـە دەهێنینـەوە و دەڵێـت:

**گیاندارێکە مۆز دەخوات**

**بۆ سەر دار خۆی هەڵدەدات**

**زۆر حەزی لە يارییە**

**کە بە منداڵان دەگات**

**بەشی پێنجەم: وەرزەکان**

لـەم بەشـەدا جگـە لـە باسکردنی وەرزەکان، باسـی (بـاران، بەفـر، تـەرزە، بـا) دەکات. بـۆ «بـا»، مەتەڵەکـە باوەکـە بـەم جۆرەیـە (نەدەمـی هەیـە نـە ددان، فیکـە ئـەکا وەکـوو شـوان)، بـەڵام شـاعیر دەڵێـت:

**نابیبنین و دەنگی دێت**

**هەستی پێ دەکەین کە دێت**

**گڤە گڤ دەکات زوو زوو**

**دەیناسینەوە هەموو**

**شتمان دەبات لەگەڵ خۆی**

**ناچارین ڕابکەین بۆی**

**بەشی شەشەم: پاکوخاوێنی**

(پاکوخاوێنـی و میکـرۆب و ژینگەپارێـزی)، بابەتـی ئـەم بەشـەن و ژینگەپارێـزی لـەدوو کۆپلـە پێکهاتـووە،

واتە سنووری دوو دێڕییەکە دەبەزێنێت و بە «٨» دێڕ باسی ژینگەپارێزی دەکات. کەم و زۆر هەڵبەستڤانان ئاوڕیان لە ژینگە داوەتەوە و شیعریان بۆ نووسیوە، بەڵام ئێستا ئەم ئاوڕدانەوەیە زیاتر بووە، بۆیە لە شیعری «بۆ پاکوخاوێنی»دا دەڵێت:

**تا دووربین لە نەخۆشی**
**بژین بە شادی و خۆشی**
**ئەوەی گرنگە لامان**
**چییە؟ چییە؟ هاوڕێیان**

**بەشی حەوتەم: من و هاوڕێکانم**

نووسەر لەم بەشەدا باسی خۆی و هاوڕێکانی دەکات، پێمان دەڵێت هاوڕێ کێیە و چەند یارییەک لەگەڵ هاوڕێکانی دەکات. لەم بەشەشدا سنووری دوو دێڕییەکەی بەزاندووە و لە هەندێک شوێن بە «٦» دێڕ و لە هەندێک شوێنی دی دا دەبێت بە «٨» دێڕ. شاعیر بۆ «هاوڕێ» دەڵێت:

**لە ناو باخچە و لە کۆڵان**
**کۆمەڵێک لە منداڵان**
**وەکوو خوشک و برا وان**
**یاری دەکەن لەگەڵمان**
**دەزانن ئەوانە کێن؟**
**کە یەکترمان خۆش دەوێن**

**بەشی هەشتەم: نیشتمان**

شاعیر لەم بەشەدا بێجگە لە باسکردنی نیشتمان و کوردستان و ئاڵای کوردستان، باسی هەر پێنج پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، یان باشووری کوردستان دەکات. بۆ «کوردستان» دەڵێت:

**ئەو خاکەی لامان بەنرخە و ڕەنگین**
**کەوا ئێمەی کورد لەسەری دەژین**
**بەناوهێنانی هەموو سەربەرزین**
**هەرکەسێک زانی دەڵێین ئافەرین**

**بەشی نۆیەم: ئاو و خۆراک**

لەم بەشەدا بە تەنیا باسی ئاو و خۆراک دەکات. لە باسی «ئاو»دا، بێجگە لەوەی ئاو بەسەرچاوەی ژیان دەزانێت و خۆراکیش وزە بەمرۆڤ دەدات و بەهێزی دەکات، باسی دۆخەکانی ئاویشمان بۆ دەکات و دەڵێت:

**چییە؟ سێ پیتی جوانە، هەتا بڵێی ئاسانە**
**بۆ ڕووەک و گیانلەبەر، سەرچاوەی ژیانیانە**
**ناوی هەر لەسەر لێوە، دەیبینین بە سێ شێوە**
**بە ڕەقی و شلی و هەڵمی، دەبێتە هاوڕێی ئێوە**

**بەشی دەیەم: میوەکان**

لە میوەکاندا باسی چەند میوەیەک دەکات و سنووری هەموو دێڕەکانی پێشتر دەبەزێنێت و مەتەڵەکە دووردرێژترە. «شووتی» بەنموونە دەهێنینەوە و مەتەڵە باوەکە دەڵێت: (خانوێکی سوور، دانیشتوانی ڕەش و مل ئەستوور، دیواری سەوزە وەک گەڵای دار، ئاسن نییە، کلیل شار)، بەڵام شاعیر دەڵێت:

**من خڕ، یان درێژکۆلەم**
**گەورە، یاخود بچکۆلەم**
**کە پێدەگەم شیرینم**
**میوەی وەرزی هاوینم**
**دەمپارێزێ توێکڵەکەم**
**تا بە جوانی پێ بگەم**
**توێکڵم سەوز و ناوم سوور**
**دەمناسیتەوە لە دوور**
**پاکم دەکەن بە چەقۆ**
**قاشم دەکەن لەسەرخۆ**
**لە ناو قاپ لەسەر سینی**
**زۆر جوانم کە دەمبینی**
**ئەوسا دەورم لێ دەدەن**
**دەمخۆن و تامم دەکەن**
**ئێستا دەزانن من چیم**
**ها ها ها من..........**

**بەشی یازدەیەم: باخچەکەم**

شیعری «باخچەکەم»، مەبەستی باخچەی منداڵانە

و لەباخچەکەمدا باسی «باخچە، مامۆستا، بەڕێوەبەر، کارگوزار» دەکات. بۆ «مامۆستا» دەڵێت:

**ڕووخۆش و میهرەبانن**
**جێگەی شانازیمانن**
**کاتێک دەدوێن لەگەڵمان**
**وەکوو دایە و بابە وان**
**خۆشەویستن لای هەموو**
**کێیە پێمان بڵێن زوو**

**بەشی دوازدەیەم: سروشت**

سروشت بابەتێکە لەو بابەتانەی کە زۆرێک لەو شاعیرانەی هۆنراوە بۆ منداڵان دەنووسن، ستایشی سروشتی کوردستانیان کردووە و بە جوان و ڕازاوەیان لە قەڵەم داوە. شاعیریش لە سروشتدا باسی هەموو پێکهاتەکانی سروشتی کردووە، لە پێدەشت و هەواوە، تا شار، خۆر و ئەستێرەکان. لەم مەتەڵەدا باسی ژیری و وریایی دەکات، ژیری و وریایی کەسەکە بە زانینی مەتەڵەکە دەبەستێتەوە. لە «گرد»دا دەڵێت:

**بەرزترە لە دەشت و**
**نزمترە لە چیا**
**کێ زانی ناوی چییە؟**
**کەسێکە ژیر و وریا**

**بەشی سێزدەیەم: پیشەکان**

نووسەر لەم کتێبەدا پیشەوەرانیشی لە بیر نەکردووە و بۆ ڕێزگرتن لە پیشە و ئەرک و ماندووبوونیان، لە کتێبی «مەتەڵ»دا، بەشداری پێ کردوون و لە «مەتەڵ»ی پیشەکاندا، بۆ کۆمەڵگە باسی گرنگی و بایەخی پیشەکەیان دەکات. بۆ «پزیشک» دەڵێت:

**خۆری نەخۆشخانەیە و**
**مرۆڤێکی ماندووە**
**بۆ چارەسەری نەخۆش**
**چالاک و لێهاتووە**

**بەشی چواردەیەم: ڕەنگەکان**

بەشی چواردەیەم، دوابەشە و باسی ڕەنگەکان دەکات. ڕەنگەکان هۆکاری سەرنجڕاکێشانی منداڵانن بۆ بەدواداچوونی خوێندنەوەکەیان و بەردەوام بوون. بێگومان هەموومانیش کاریگەری ڕەنگەکان لەسەر منداڵ دەزانین، هەر لە کۆرپەڵەییەوە تا بازنەی یەک و دوو و بەرەو سەر، بە تایبەت ڕەنگە گەرم و گەشەکان و ئەو ڕەنگانەی لەگەڵ تەمەنی منداڵان تەبان. بۆ ڕەنگی «سپی» دەڵێت:

**من ڕەنگێکم وەک بەفر**
**هەر وەکوو لۆکە و شەکر**
**ئای کە خاوێن و جوانم**
**وەک ناخی منداڵانم**
**خۆشم دەوێن وەک چاوم**
**دەزانن چییە ناوم؟**

## دواجار

دەستخۆشی لە شاعیر دەکەم کە بە شێوازێکی نوێ ئاوڕی لە کایە کۆمەڵایەتییەکانی کوردەواری داوەتەوە و بە زمانێکی پاراو و ئاسان بۆ منداڵان دایڕشتوونەتەوە. دیارە ئەم کتێبەش وەک هەر کتێبێکی دیکە بێ هەڵە و کەموکوڕی نییە و دەکرێت لەچاپی داهاتوویدا وردتر و جددیتر پێداچوونەوەی بۆ بکات و هەموو ناتەواوییەکانی پڕ بکرێتەوە.


**سەرچاوە:**

**- کتێبی: مەتەڵ، عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی، بۆ زاخاوی مێشک، لەبڵاوکراوەکانی خانەی ڕێنمایی خێزان، چاپخانەی کەمال، ساڵی ٢٠٢٥.**
**- کوردپیدیا.**